

چیرۆک

# چۆلەکەی سەر پەلکی بیێۆک

سوارە نەجمەدین

دەخوازم ئێستا بە دیار سۆناتایەکی "پاگانینی"یەوە، لەبەردەم پەنجەرەکەدا، لە سەیری باران وەڕس بووبیت و ئەم نووسینە بخوێنیتەوە:

فرسەخێک لێمەوە دوورە و خۆم بۆ سڵاولێکردنی ئامادە دەکەم، دەیان جار لە ژێر لێوەوە بەیانی باشی لێ کردووم و چاوەڕوانی وەڵامەکەی نەکردووە، بۆیە من هەمیشە هاوەڵی دۆش دامانم.

یار بە پێچەوانەی کۆترەوە، لە قەفەزێکی زێڕیندا کەمتر لە عەشق تێ گەیشتووە، کۆتر ئەگەر قەفەزەکەی لە زەڕنیخیش بێت، هەر عەشقی فڕینی هەیە، بە پێچەوانەوە فاتیمەم لە دووی کۆترێک دەگەڕێت، قەفەزەکەی لە تەلا بێت، هاوکات چۆلەکەکان لە یارییەکە تێ ناگەن، لەسەر تەلی کارەباکان ریزیان بەستووە و لە خەمی کۆکردنەوەی چیلکەدان.

دەبێت دڵنیابین، ئەوەی کەناری دەیخوێنێت ئاوازی فیراقە، لەگەڵ ئەوەی کەناری دەوڵەمەندترین باڵدارە، لەمەوە تێ دەگەم سەرمایەدارانیش عاشق دەبن، بەڵام لەگەڵ من نا، ئەستەمە کەنارییەک لە کۆشکەکەیەوە عاشقی پاسارییەک بێت، کە لەسەر پەلکی سێوێک هەڵنیشتووە، گەرچی عاشقترین میوەش سێوە، نەک لەبەرئەوەی لە مەمک دەچێت، رەنگە بەخاتری ئەوە بێت، کە ئامرازی یەکەمین قوربانییە، کە ئادەم بۆ حەوای داوە، بەگومان نیم لە دڵتەڕی سێو، چونکە میوەکان تەمەنیان کورتە، ئەوە پاسارییەکانن بەجێیان دەهێڵن، دەنا عەشق و سێو هەردووکیان خانەوادەی شیعرن.

ئەزیزی من

واز لە تیلاوەتی قورئان بهێنە، وەرە سەر خەتمی جریوە، بەرماڵەکەت بدە بە شانی ئەو منداڵە دەرۆزەکەرەدا، کە لە ژێر باراندا کەوتووەتە کەروێشکە سەما، حیجابەکەت تووڕدە، نەخشی خوام لێ مەشارەوە، ئەمە گەورەترین تاوانە بەرانبەر من، مەگەر سونەتی بەزەیی هاتنەوە لە هەر پێنج فەرزەکەی تر خێرتر نییە؟

فیراق یاسای بۆ دروست نابێت، بۆیە ئەمجارەیان پێچەوانەیە، سێوەکە لە مێژە باڵی گرتووە، چۆلەکەکەش لەسەر پەلکەکەوە ئەم ئاوازانەی دەچڕی:

گۆرانییەکانی من بۆ ست فاتیمە

١

تۆڕەکەت لە شانم بکەرەوە

فێرت کردم

لە وشکانیدا پیاسە بکەم

٢

من پەروانەیەک دەناسم

باڵاپۆشە

سەیر لەوەدایە

ئەو شەمع دەسووتێنێ

٣

لە مێژە خۆم بە دەستەوە داوە

بەڵام ئەو..

بەڵام ئەو پەڕۆ سپییەکەی

بە نوکی تیژی چەقۆیەکەوە هەڵواسیوە

٤

حیجابت بۆچییە؟ خۆت ئیمانی

٥

هێندەی مامەڵەی ماسی لەگەل ئاودا

خۆشم دەوێیت

٦

گۆزە

ئەگەر دەسکەکەی لە یاقووتیش بێت

هەر هەمان ئاوی هەیە،

مەخابن

فاتیمەم وا بیر ناکاتەوە

٧

لە بەردەم شووشەی کافتریاکەوە

نێرگەلە دەکێشم

خەڵکی سەر شەقامەکە چەند بەختەوەرن!

٨

منداڵێک پێت دەڵێت:

خانم سێو بە چەندە؟

تۆش دەڵێی: بمبوورە من عاشق نیم

٩

مەرزمەکەی نێوانمان

چلورەی کردووە

من هەر دەتوانم

شقارتەیەکی لە ژێرا داگیرسێنم

١٠

قەت بیرت لە ڕێبوارێک کردۆتەوە

لێت بپرسێت

بێزەحمەت... ڕێگای جەهەنم لە کوێیە؟

تۆ ڕێگای تەکێ رووخاوێکی پیشان بدە و بڵێ دوو کۆڵانە سەدە بگەڕێرە دواوە، دواتر چەند ساڵێکیش بەلای چەپدا پێچ بکەرەوە، لەوێ کابرایەکی لێیە دەچریکێنێ:

جەنەت لە عیش خاڵییە و دۆزەخ لە دەرد و داغ

عاشق لە حەشریشا نییەتی جێی دڵی فەراغ